# هەڵەبجە

## خالە حەمە/دانمارك

پێشکەشە بەشەهیدانی هەڵەبجەو هەلەبجەی شەهید

پانزە ساڵە
کوردستانم
بۆگەنی کیمیایی لێدێت
دەنگ کڕ ئەبێت
خەم سڕئەبێت
چاوەکانیش
بەدوای ڕەشبەڵەکی مەرگا
دێن ودەچن
گەرگوێیەکیش نەسمرابێت
نەکوترابێت
بێخوداکان لێی پڕئەبن
................
پانزەساڵە
ماڵەکانی دوور ئاوایی و
ناوجەرگەی شار
جێگە هەوار
گردی گوڵان وباخی میر
بێجگە لەخوا
کەسێ نەچۆتە میوانیان
خەمیان بخوا
لەئازاریان کەم کاتەوە
دڵەی پرسۆییان باتەوە
...............
پانزە ساڵە
گوڵێ نارۆێت
بۆنی بەرۆکی خۆی لێبێت
ڕەنگی هەبێت
خەونی نەڕژێت
چاوەڕوانی هەنگەژاڵەی دڵی نەبێت
لەزەردەی خەزان زیزنەبێت
لەبەهارو ساڵی خۆیدا
دڵی نەمرێ لەسەرجیدا

كوردستان نێت www.kurdistannet.org

................

پانزه ساڵه

لەئاسمانی ئەم شارەدا

بەئازادی مەلێ نافڕێ

لە بۆکڕوزی هەناسەی دارودەوەن

لەجێ دەستی مێشکی دڕو

ورگی پڕو

جەوروستەم

لەخشپەی پێی دێوەکانی

پشت تاریکی

لەئەفسانەوجادووگەری

لەنۆکەری

لەنۆکەری سەری بچۆك سەری لەرزۆك

لەکرداری کوردی ناکۆك

ماندوو نەبێت و گێژنەبێت

هێلانەکەی لێ تێك نەچێت

................

پانزه ساڵه

لەژوور سەری ئەم خەمەوە

ئاسمان ئەگری و

زەوی ئەگری و

ڕووبار شێتەو زەردەماسی و

سەوزایی وگوڵ ئەخنکێنێت

پردو کەڵەك ئەڕوخێنێت

خەونی منداڵ ئەشێوێنێت

دایکەکانیش

سۆمای چاوەکانیان دادێ

مەمکەکانیان ووشك وبێناز

بۆنی ژەهروگازیان لێ دێ

باوکەکانیش

شەکەت بوون و

خیزە خیزەی هەناسەیان

سنگیان ئەدڕێ

شارەو شارو دیهات دیهات

هەگبەی خەم و

دەستی شکاویان ئەگێڕن

بۆ ویژدانێ

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

ڕوو لەباڵای خەمەکانیان

نوێژێ بکات

دنیای بێئاگا لەخەوکات

................

پانزە ساڵە

دەرگاو پەنجەرەی ئەم شارە

هەروەك ٨٨/٣/١٦

لەسەر پشتە

برینداره

دەستی ڕەش و

شاڵاوی مەرگی بەکۆمەڵ

ناڵەو ئاخی مرۆڤی کورد

خۆی پرسیاره

خۆی وەڵامی ئەو ڕۆژەیە

کەنادیاره

................

پانزەساڵ

کۆڵان وجادەی ئەم شارە

هەروەك ٨٨/٣/١٧

ڕەنگی مەرگی پێوەدیارە

تازیەباره

بێ سەرداره

لەبێدەنگی ئەم مرۆڤەوەو

بێدەنگی ئەم دنیاکپە

مافی ڕەواو داوای کوردیش

بۆتە چرپە

ئەوتاوانەی

سەدەی بیستی لەکەدارکرد

ڕاستیەکانی ڕتکردەوە

بۆسەرچاوە

بۆدوای دواوە

پەروەندەیەکی

خوێناوی داخراوە

مۆری تاوانی مێژووەو

بەسەرسنگی

کۆشکی سپی وکۆشکی‌سوورا

داکوتراوە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت

www.kurdistannet.org
19-3-2003 21:56

دەروازەکەی سازمانی میللەتانی

لەهەش ناوە

لەوڕبوونی ئێمەی کوردا

ڕەنگی سووری بزرکاوە

ڕووی لە خودا وەرگێڕاوە

................

پانزە ساڵە

کەئەم شارە

کۆست کەوتووە

ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە

بۆنی هەناسەی ئازیزان

دەنگ و سەداو هاوار هاوار

لەجێگەی خۆی نەجوڵاوە

کەس نەماوە

بەسیەکانیا گوزەرنەکا

ئەم زەرداوە

یا نەزانێت

تەرمی گەورەی میرمنداڵان

ئامێزی گەرمی باپیران

پڕلەداستانی کوژراوە

ڕۆحی بێناز

چاوی وەك باز

دەستی شاباز

هێزێکن دیل وگیرۆدە

گوڵبژێری دڵیان ئەکەن

لەسەر بازگەی چەتەکانی ڕەش هەناوا

دەستیان ئەکەن بەسەد داوا

عەشقیان ئەکەن بەگەداوا

................

پانزە ساڵە لەم شارەدا

هەنگوین تاڵە

لەبرێ گازی سییانۆك و

گازی خەردەل

دەستی چەپەڵ و جەهالەت

بازوی زاڵە

بەرگی ڕەش و

ڕەنگی ڕەش و

www.kurdistannet.org
19-3-2003 21:56

بیری ڕشیش

لەسەر جادەو پەرستگاکان

لەدەروو ژووری ماڵەکان

ترسی مەرگێککی حەلاڵە

بۆناشتنی تەرمەکانیش

بەرپێ حاڵە

گۆڕهەلکەن ومردووشۆریش

لەیەك ماڵە

کوردستانم پرسیارێکەو یاخی بووە

ئاخۆکەی بێت

هاواری زامی هەڵەبجە

بگاتە گوێی ئەم دنیایەی

لەپێش چاویا بەهاریان کوشت

ژەهریان پیا ڕشت

دەرگای مەرگیان خستە سەر پشت

ئاخۆ کەی بێت

یاساکان تێك بچێتەوە

ڕۆژی تازە هەڵبێتەوە

هەڵەبجەمان نوێ بێتەوە

هەڵەبجەمان نوێ بێتەوە

ئازاری /۲۰۰۳

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت